# گۆشەیەکی ون لە مێژووی شارەزوور، یان یادداشتی زانایانی ئایینی بلّباس

## لەساڵی (٥٣٠ک – ١١٣٦ز)وە بۆ (١٢٩٠ ک – ١٨٧٣ز)

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی
لە عەرەبییەوە: د.ئاراس محەمەد ساڵح
(زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

**پێشەکی(١)**

ئەم بەڵگەنامەیەم لای مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەدی سەرگەتی بلّباسی دەستکەوت، ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە یادداشتی زانایانی ئایینی هۆزی بلّباس، ئەو زانایانەی یادداشتی خۆیان لەسەر قورئانە دەستنووسەکەی سەید ئیبراهیمی حوسەینی نووسیوە، کە لە ساڵی ٥٣٠ک نوسیویەتییەوە، ئەو قورئانە ئێستا لە دامەزراوەی شوێنەوار و کولتوور (مؤسسة الآثار والتراث) لە بەغدا بە زنجیرە (١٦٤٢٥) تۆمارکراوە و پارێزراوە، سەید ئیبراهیم لە مێژووی (٥٣٠ی ک) یادداشتەکانی لەسەر لاپەڕەکانی ئەو قورئانە تۆمار کردوون، لەدوای خۆی زانایانی تر لە نەوەکانی، هەندێ لە یادداشتەکانی خۆیان لەسەر ئەو قورئانە، یان هەندێ دەستنووسی تر بەپێی تێپەڕینی ڕۆژگار تۆمارکردووە.

پاشان مەلا محەمەدی سەرگەتی گوڵعەنبەری هاتووە لە ساڵی (١٢٩٠ی ک) ئەو یادداشتانە و هەندێ وردە نووسینی تری مێژوویی کۆکردووەتەوە، هەموو ئەوانە بوونەتە گۆشەیەکی مێژوویی گرنگ جێگەی گرنگی پێدان و ئاشکراکردنە بۆ ئەوەی ڕووناکی ببینێ و مێژووی دێرینمان ڕوون بکاتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی دەرگا لەبەردەم توێژەران و مێژوونووساندا واڵا بکات، ئەوانەی تا ئێستا دەگەڕێن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتریان لەسەر ناوچەی شارەزوور و مێژووی ڕابوردوومان دەست بکەوێت.

دەتوانین گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

١- بەشێکە لە مێژووی نەزانراومان بەگشتی و مێژووی شارەزوور بە تایبەتی.

٢- بەشێکە لە مێژووی نادیار و هەندێ بۆشایی نادیار لە مێژووی شارەزوور پڕ دەکاتەوە، باسی ژمارەیەک لە میر و کاربەدەستی ئەو ناوچەمان بۆ دەکات، ئەوانەی تا ئێستا مێژوو لاپەڕەکانی خۆی بۆ نەکردوونەتەوە.

٣- یەکەم بەڵگەنامەیە زانیاریمان دەربارەی یەکەم خوێندنگەی کوردی لە دەڤەری هەورامان و باردۆخی ڕۆشنبیری ناوچەی شارەزوور لە پێش نۆ سەد ساڵ پێش ئێستا و تا ساڵی (١٢٩٠ی ک) دەداتێ.

٤- یەکەم بەڵگەنامەیە زانیاری ڕاستمان دەربارەی هۆیەکانی کوژرانی سلێمان پاشای بابان لە ساڵی (١١٧٨ی ک) لە قەڵاچوالان دەداتێ، کە تا ئێستا گرێیەکی داخراوە و هیچ مێژوونووسێک تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان نەیتوانیوە ڕوونی بکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەم بەڵگەنامەیە بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی نووسراوە، بەشە فارسیەکەمان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی زۆر بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە، هەروەها پەراوێزم بۆ ئەو شوێنانە نووسی کە پێویستیان بە پەراوێز و ڕوونکردنەوە بوو.

* * *

سپاس بۆ ئەو خوایەی ئێمەی کردووە بە نەوەی کەسێک کە جێگەی شانازی مرۆڤایەتییە، دروود و سڵاو لەسەر ئەو کەسەی بە میهرەبانی بۆ هەموو جیهان نێرراوە، هەروەها لەسەر کەسوکار و هاوەڵانی پاکی، دروود و سڵاوی بەردەوام و پێویست تا ڕۆژی دوایی، لەدوای ئەمە:

موحەممەدی کوڕی مستەفای گوڵعەنبەری(٢)، کوڕی شێخ جەلالەددینی گوڵعەنبەری(٣)، کوڕی شێخ عەلی شارەزووری(٤)، کوڕی سەید عومەر ئاغا(٥)، کوڕی سەید ئیبراهیم، کوڕی سەید وەسیم، کوڕی ئەمیر خەسرەو(٦)، کوڕی ئەمیر سوبحان، کوڕی سلێمان، کوڕی سوارئاغا، کوڕی پیردانیال(٧)، کوڕی پیر محەمەد غەیب، کوڕی بابا ئەوەیس، کوڕی ئەمیر بەکری کوڕی سوبحان ئاغا(٨)، کوڕی پیرمەنسوور، کوڕی سەید سادق، کوڕی ئەمیر مەنسوور، کوڕی ئەمیر سادقی کوڕ، کوڕی ئەمیر سادقی باوک(٩)، کوڕی حاجی بیلال(١٠)، کوڕی سەید ئیبراهیم(١١)، کوڕی سەید عەبدوڵڵا، کوڕی ئیسماعیلی موحەدیس، کوڕی ئیمام مووسای کازم، دەڵێ:

شاراوە نییە زیاد و کەم لە بنەچەدا (النسب) بەدرۆ گوناه و تاوانە و جێگەی سزایە، منیش لە ترسی ئەو گوناهە ئەم زنجیرەی بنەچەم نووسی: کە باپیران بۆ ئێمە و نەوەی دوای ئێمەیان پاراستووە، لەگەڵ ناوی جێگە و مێژووەکان و بەپێی ئەو زانیارییەی لایان دەستەبەر بووە، بۆ ئەوەی پەند لە ئاکار و ڕەفتاری پێشینانی ساڵح و پیاوچاکانمان وەربگرین و بزانین ژیاننامە و پەیوەستیان بە ڕشتەی بەهێزەوە، چەند پابەندی قورئان بوون و پێگەی زانستی و ئایینیان چەند بەرز بووە، بۆ شانازیکردن و خۆهەڵنانەوە نا بەسەر کەسانێکدا کە پابەندی ئایین نین، چونکە بەڕێزترین کەس لای خوا ئەوەیە خواناسترە، سڵاو و درووود لەسەر محەممەد و هاوەڵانی.

ئەم بەڵگەنامە لەگوندی سەرگەت لە مانگی موحەڕەمی حەرامدا لە ساڵی هەزار و دوو سەد و نەوەدی کۆچی بەدەستی محەممەدی سەرگەتی حوسەینی نووسرا.

خۆشەویستم عەبدولڕەحمان(١٢): (ئەوەی بۆم نووسیوی لەم زنجیرەیەدا تەنیا بۆ گەیاندنی وەسیەتی باوکە بۆ کوڕ و نەوەکانی، بۆ پەند وەرگرتنە، نەک بۆ شانازی و خۆنواندن بەسەر خەڵکیدا، ڕێزی مرۆڤ بە تەرازووی خوایە، بە خواناسی و باوەڕ پێوانە دەکرێت و کاری چاک بەو تەرازووە دیاری دەکرێ، ئاشکرایە خاوەن باوەڕ و کردەوەی چاک لە تەرازووی خوادا بەڕێزن، نەک کوڕی فلان و کچی فلان).

کوڕی خۆشەویستم: لە دوای خوا و پێغەمبەر و ئایینەکەم تۆ خۆشەویسترین کەسی لای من، پێویستە بۆ ئامۆژگاری بێگەردی باوک گوێ بگری، بۆ ئەوەی لە سزای خوا پارێزراو بیت و لە کاری خراپ دوور بکەویتەوە. دەبێت خوا و پێغەمبەری خواو ئایینی ئیسلام خۆشەویسترین شت بن لەلات، دەبێت نموونەیەکی زیندووی فەرموودەی خوای گەورە [فاستقم کما امرت.....](١٣)بیت.

کوڕی ئازیزم: ئیسماعیلی موحەدیس کوڕی ئیمام مووسای کازمە لە ساڵی (١٦٣ی ک) لەدایک بووە و لە ساڵی (٢٠٣ک) کۆچی دوایی کردووە و لە بەغدا نێژراوە، عەبدوڵڵای کوڕی ڕوو دەکاتە خوراسان و لەوێ خزمەتی ئایین دەکات، ئەوەی پێویست بووە، تا لە ساڵی (٤١٠ی ک) کۆچی دوایی کردووە، لەدوای خۆی سوڵتان

عەبدولعەزیزی کوڕی لە شوێنی دانیشتووە، لەدوای کۆچی دوایی ئەویش سوڵتان محەمەد مەنسوور لە شوێنی دانیشتووە و دوای ماوەیەک سەفەری (هەمەدان)(١٤)ی کردووە، لەو شارەدا ئاڵای ئیرشاد و زانستی بەرزکردووەتەوە، لەدوای کۆچی دوایی دوو کوڕی لە شوێن بەجێ ماوە، ئەوانیش محەمەد یووسف و عەبدوڵڵا، محەمەد یووسف ناسراوە بە یووسفی هەمەدانی باپیرە گەورەی سەیدەکانی بەرزنجە، یووسف لە هەمەدان ماوەتەوە، هەرکەسێک درێژەی باسی خۆی و نەوەکانی دەوێت با بۆ کتێبی (بحر الانساب)(١٥) بگەڕێتەوە، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد مەنسوور لە دوای کۆچی دوایی باوکی ڕووی کردووەتە بەغدا، دوای چەند مانگێک لە گەیشتنی بە بەغدا بۆ شارۆچکەی (شهربان) شارەبان(١٦)سەفەری کردووە، لەوێ ڕێز و حورمەتی زۆری لێ گیراوە و لەگەڵ موسڵمانانی ئەوێ یەکتریان ناسیوە و وەجاغزادەییان لێ بینیوە و جێگەی قبوولکردنیان بووە، یەکێک لە کەسایەتییەکانی شارەبان (بابە یەحیا) کچی خۆی لێ مارەکردووە، خاتوو (لوئلوئە)، خوای گەورە دوو کوڕی پێداوە، ئەوانیش:

عەباس و مەنسوور، لەدوای کۆچی دوایی سەید عەبدوڵڵا سەید عەباس شارەبانی جێ هێشتووە و چووەتە گوندی (خدراباد) خدرئاوا، لەوێ کچی ڕۆستەمی خواستووە و بەناوی (یاسەمین) خوای گەورە کوڕێکی پێ داوە ناوی ناوە ئیبراهیم، سەید عەباس لەو گوندەدا ماوەتەوە، تا لە ساڵی (٥٢٥ی ک) کۆچی دوایی کردووە، لە دوای کۆچی دوایی باوکی سەید ئیبراهیم خدرئاوای بەجێ هێشتووە، کە تەمەنی بیست ساڵ بووە و ڕووی کردووەتە ناوچەی شارەزوور تا گەیشتووەتە گوندی (جبراباد)(١٧) جەوراوا لە ڕۆژهەڵاتی شارەزوور(١٨).

مەنسووری کوڕی سەید عەبدوڵڵا لە شارەبان ماوەتەوە، کوڕ و نەوەکانی لەو شارەدا بە نەوەی مەنسوور (بنی منصور)(١٩) ناسراون.

دەقی بەڵگەنامەی سەید ئیبراهیمی حوسەینی کە سەید مەنسووری کوڕی سادقی بلّباسی گێڕاویەتەوە:

سپاس بۆ خوا، سپاس و ستایشی خوا دەکەم، شایەتی دەدەم خوا تاک و تەنیایە و گەورەمان محەمەد بەندە و پێغەمبەر و نێرراوە بە میهرەبانی بۆ جیهان (دروودی خوای لەسەر)، دوای ئەوەی ئەم نووسراوەم بینی کە باپیرمان لە ساڵی (٥٢٨ی ک) لەسەر لاپەڕەکانی قورئانی دەستنووس بە دەستخەتی سەید ئیبراهیم نووسیویەتی، مێژووەکەی دیاری کردووە بە (في صدور الناس)، باپیری بەڕێزمان دوو ساڵ پێش ئەو مێژووەی بە دەستی نووسینەوەی (في صدور الناس) کردووە بۆ ئەوەی خێری هەردوو دنیای بۆ دەستەبەر ببێت، لە ساڵی (٥٣٠ی ک) ئاماژەی بۆ کردووە کە لە نووسینەوەی بووەتەوە.

باپیرمان: لەدوای بسمیلا و ئەلحەمدولیلا و سەلاواتدان، دەفەرموێت: من ئیبراهیمی کوڕی عەباس، کوڕی عەبدوڵڵا، کوڕی محەمەد مەنسوور، کوڕی عەبدولعەزیز، کوڕی ئیسماعیلی موحەدیس، کوڕی ئیمام مووسای کازم.

حەزدەکەم هەندێ لەو شتانەی لە ڕۆژان و شەوانی تەمەنمدا بینیومن بنووسم تا ئەو نیعمەتەی خوا پێی داوم لەیادی نەکەم و ئەم نووسینە ببێتە دیارییەک بۆ کوڕ و نەوەکانمان کە لە دوای خۆم دێن، پاشان دەڵێم: باپیرم عەبدوڵڵا لەدوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی (٤٩٠ی ک) بۆ بەغدا سەفەری کردووە، کەمتر لە مانگێک ماوەتەوە، هەستی کردووە مانەوەی لە بەغدا گونجاو نییە، بەغدای بەجێ هێشتووە تا قەدەر گەیاندوویەتییە شارەبان، چەند هەفتەیەک تێیدا ماوەتەوە، هۆگری و ناسیاوی لەگەڵ خەڵکی شارەباندا پەیدا دەکات، (بابا یەحیا) کچە تاقەنەکەی لێ مارە دەکات، ئەو ژنە هاوکارێکی باشی دەبێت بۆ ژیانی ڕۆژانە و خوای گەورە دوو کوڕیان پێ دەبەخشێت.

ئەو دوو کوڕە مەنسوور و عەباس لە دوای وەفاتی باپیرم (عەبدوڵڵا) ساڵی (٥٢٥ی ک)، باوکم شارەبانی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردووەتە گوندی خدرئاوا(٢٠)، لەو گوندەدا ژنی هێناوە بەناوی (یاسەمین)کچی ڕۆستەم، لەو ژنە من بووم، براکەی مەنسوور لە شارەبان ماوەتەوە لە ناو خاڵوان و نەوەکانیدا و جێگەی ڕێزی خەڵکی بوون، بە نەوەی مەنسوور (بنی منصور)(٢١) ناسراون، بەڵێ من (سەید ئیبراهیم) دوای بڕینی ڕێگای زۆر کە کەم نەبوون گەیشتمە گوندی جەورئاوا لە ڕۆژهەڵاتی شارەزوور، لەو گوندەدا مزگەوتێک هەبوو دەوترا بە فەرمانی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب دروست کراوە(٢٢)، لەو گوندەدا پیاوێکی بەڕێز

هەبوو پێشنوێژی بۆ خەڵکی گوندەکە دەکرد ناوی (خواجە ئاصەف) و نازناوی (بابا ناواز)(٢٣) بوو، لەو گوندەدا وەک میوان مامەوە، زۆر حەزم لە پرسیار بوو دەربارەی ناوی جێگاکانی دەوروبەری گوندەکە و بۆچی ئەو ناوەیان لێ نراوە، هەر پرسیارێکم دەکرد بابا ناواز بۆی باس دەکردم، پرسیارم لێ کرد دەربارەی (ئاتەشگا، دڵدم، سەرگەت، قەڕاڵ)، خواجە ئاسەف وتی ئاتەش ناوی ئەو شاخەیە، لەسەر چیاکە جێگەیەکی تێدایە ئاگری تێداکراوەتەوە و مەجووسەکان پەرستوویانە.

هەروەها (دڵدم) لە وشەی (تل دم)ی عەرەبییەوە هاتووە، لەو شوێنەدا شەڕێکی گەورە لە نێوان مەجووسە ئاگرپەرستەکان و موسڵمانەکاندا ڕووی داوە، لە مەجووسەکان هەزار کەس کوژراوە و لە موسڵمانەکان زیاتر لە سەد کەس کوژراوە، بەو هۆیەوە ئەو شوێنە لەلایەن موسڵمانەکانەوە ناونراوە (تل الدم) ئەو شەڕە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ڕووی داوە(٢٤).

بابا ناواز ئاماژەی بۆ چیایەک کرد و وتی لەسەر ئەو چیا قەڵایەکی قایم هەیە، قەڕاڵ لەو قەڵایەدا دادەنیشێت(٢٥)، بە قەڕاڵی سەرگەت ناوی دەبەن واتە: سەرۆکی هەموان، بابا ناواز باسی ئەوەی بۆ کردم کە دوو ژوور و هەیوانێکی لە بەرد تاشراو لە چیاکەدا هەیە، مرۆڤ بەهۆی پاچینەی داتاشراوەوە دەچنە ناوی، هەر لەو چیا بەردینەدا بەرانبەر سەرچاوەیەکی ئاو کە لە چیا بەردینەکەوە بەبەرزی پێنج بۆ شەش باڵ دەڕژێتە خوارەوە(٢٦)، بەڵێ لەدوای ئەوە بابا ناواز باسی ئەوەی بۆ کردم کە کوڕی مامم لە دێی هەورامانە کە لەو جەوراوەوە ماوەی ڕۆژەڕێیەک دوورە بەپێ ڕۆیشتنی ئاسایی، وتم ئەو کوڕی مامەم کێیە؟ وتی: مستەفا عورەیزی (مصطفى العريضي)ـە(٢٧).

لە قسەکانی بابا ناوازەوە وا هەستم کرد حەز دەکات گوندەکەی بەجێ بهێڵم، گوندەکەم بەجێ هێشت و بۆ خزمەتی کوڕی مامم عورەیزی کەوتمەڕێ، دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتمە گوندەکە، زۆر ماندوو و شەکەت بووم، بەڵام بە ماچکردنی دەستی مامۆستا و گەورەم لە جەستەمدا هەستکردن بە ماندووبوون نەما، بەڕاستی مامۆستا بۆ هەموو دەرد و ئازارێک کبریتی سوور بوو، بەڕاستی توانایی زانستی بەرز و خاوەنی ڕێز و گەورەیی و ڕەوشتی جوان بوو، بە چاودێری بەڕێزی و فێرکردنی دانایانە و ئاراستەکردنە جوانەکانی نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ زیاتر سەد فێرخوازی تردا مامەوە کە لای شێخ مستەفای عورەیزی دەرسیان دەخوێند(٢٨)، ئەوەی شایانی باسە لە گوندەکەدا کەسێکی سەنگین هەبوو بە ناوی (شالیار سیاو) هێشتا لەسەر ئایینی مەجووسی بوو(٢٩)، مامم دەیوت: ئەگەر خوا هیدایەتی (شالیار سیاو) بدات، ئایینی ئیسلام لە گوندەکەماندا بەهێز دەبێت، دوای ناسیاوی و تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکی گوندەکە و ناسینی دابونەریتی موسڵمانان لە ناوچەکە و فێربوونی زمانەکەیان شێوەزاری گۆرانی(٣٠)، پاشان ڕاوێژم بە مامۆستاکەم کرد داهاتووم دیاری بکات، وەڵامی دامەوە کە پێویست ناکات هەردووکمان لەم گوندەدا بمێنینەوە، وتی: پێویستە بۆ شارەزوور بگەڕێیتەوە و جێگەیەک هەڵبژێریت بۆ ئەوەی بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام سوودت هەبێت، دوای ئەوەی هەست دەکەم توانایی ئیرشاد و فێرکردنت هەیە، بۆچوونەکەی مامۆستا و کوڕی مامم پەسەندکرد و گەڕامەوە جەوراوا، دێیەکی باشیان نیشاندام ئەویش گوندی (زەنزەن)(٣١) بوو، دەکەوتە دۆڵێکی تەسکەوە، لەناو ئەو دۆڵەدا (قەڕاڵ جاهـ)ێک(٣٢) هەبوو، شوێنی گوندەکە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی (خورماد - خورماڵ)ـەوە، ئاوێکی زۆری پێدا دەڕۆیی لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵا، باوەڕناکەم هیچ سەرچاوەیەک ئاوی وەها زۆری لێ هەڵقوڵێ، لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندەکە نیشتەجێ بووم، هەندێ لە خەڵکی گوندەکەم ناسی، زانیم خەڵکی باشن، ڕاستییەکەی خەڵکی چاک بوون، لە کاری خێر و خواناسیدا هاوکار بوون، بەهاوکاری ئەوان مزگەوتێکی بچووکمان لە گوندەکەدا دروست کرد، دوای ئەوەی ئیشوکاری خەڵکی و کاروباری ئایینی خەڵکم ڕادەپەڕاند بۆ ئەشکەوتەکە دەگەڕامەوە کە کردبوومە شوێنی مانەوەم، تا میری خورماد (شا بەدر)(٣٣) هەواڵی بیست، بەدوایدا نارد بچم بۆ لای، سەرەتا ڕەتمکردەوە بچم بۆلای، ویستی بەزۆر بمبات بۆ لای خۆی، بەڵام هەندێ لە خەڵکی ژیر و دنیادیدە هێواشی دەکەنەوە و ڕازی دەکەن بێت بۆ سەردانم لە ئەشکەوتەکەدا، لەگەڵ هەندێ موسڵماندا هاتن و لەو کاتەدا لە نزیک ئەشکەوتەکە پڵنگێک سەیریان دەکات وەک سەیرکردنی پاسەوان، گەیشتن و سڵاویان کرد و بەخێرهاتنیان لێ کرا، دوای قسەکردن، شا بەدر(٣٤) دەربارەی زۆر بابەت پرسیاری لێ کردم، دەربارەی ناو و بنەچە و بۆچی ئەم ئەشکەوتەم

کـردووەتە جـێگەی خـۆم، وەڵامم دایەوە ناوم ئیبـراهیـمی کوڕی عەباس کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد مەنسوور کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئیسماعیلی موحەدیس کـوڕی ئیـمـام مووسـای کـازم، نازناوم (ئەبو عـەباس)ـە، شـا بەدر وتی: ئەبو عـەباس لەو گـیـانەوەرە درندە ناترسی؟ وتم: هەرکـەسـێک لە دروسـتکەری ئەو گیانداره بترسێ، هەمـوو گیانداران لێی دەترسن، وتی: کەواتە تۆ لەو کەسە تایبەتانەی شتانێک دەزانن خەڵکی گشـتی نایزانێت، هەروەها دەتوانن بەسـەر هەندێ شـتـدا زاڵ بن، خـەڵکی ئـاسـایی ئەو تواناییـەیان نـیـیـە، وتم: گەورەیی بۆ خوا و پێغەمبەری خوا و باوەڕدارانە.

بەدر وتی: دەزانی کچـە تـاقـانەکـەم ناوی چـیـیـە؟ بەچ دەردێکەوە گرفتارە؟

گـوتم: ناوی عـەنبـەرەیە، بەدەست ڕاڕایی و لاوازی عەقڵەوە گرفـتـارە، وتی: دەتوانی ژیری بۆ بگێڕیتەوە؟ وتم: خـوا توانـایی بەسـەر هەمـوو شـتـێکدا هەیە، وتی: بەخوا ژیری و بیر بگێڕیتەوە بۆ کچەکەم لێت مارە دەکەم، چونکە گەڕانەوەی ژیرییەکەی بەهۆی دوعای تۆوە بووە لە خوا، وتم: خوا هەر شتی بوویت دەبێت، هەر حوکمێکی مـــەبەست بێت دەیـکـات، دوای گـــەڕانەوەی بەدر و هاوەڵانی بۆ شـارۆچکەی خورمـاڵ، دەبینێ عـەنبەرە بەرەو ڕوویان دێت و ژیرە، دوای چەند هەفـتـــەیەک دەبینێ عەنبەرە چاک بووەتەوە، بەدر بەڵێنەکەی جێبەجێ کرد و کـچـەکـەی پێـدام و بوومـە ڕاوێژکـاری بەدر بۆ کـاروبـاری ئایینی(٣٥).

منیش خـزمـەتی ئـایینم کـرد وەک ئەوەی پێـویسـتــە بـکرێت، مـێــژووی هاوســەریمان لەگــەڵ عــەنبــەرە لە شـارۆچکەی خـورمـاد لە (في صـدور الناس الا اثنین) بەرەکەت کەوتە ژیانی ئەو دوو هاوسەرەوە، خوای گەورە حەوت کوڕی پێ بەخشین، ئەوانیش: (بیلال، محەمەد، شێردڵ، ویساڵ، حەمزە، حەسەن، حسێن).

لاباسێکی جوان پێـویسـتـە باس بـکرێت: ئەم شـارەی ناوی (خـورمـاد)ـە، ناونانی هەمـووە بەناوی بەشـێکەوە (تسمیة الکل باسم الجزء)، پاشایەک ناوی (ماد) بووە، ئەم قـــەڵا قـــایمەی دروست کـــردووە، بەناوی کـــچـــە تاقـانەکـەیەوە ناوی ناوە (خـور) خـۆر، بەهۆی دانەپاڵی ناوی کـچـکەوە بۆ لای ناوی بـاوکی بووەتە (خـۆرمـاد) واتە: هەتاوی مـــاد، هەتاو دەبێـــتـــە ڕۆژ، بەهۆی زۆر بەکـــارهێنانـەوە بووە بە (شـــهـــرزور بن مـــاد)(٣٦) شارەزووری کوڕی ماد(٣٧).

ئـامـۆژگـاری کـوڕەکـانم دەکـەم بە لە خـواترسی و بەجـێـهـێنانی فـەرمـانەکـانی و دوورکـەوتنەوە لە حەرامەکـانی، ڕۆڵەکانتـان بە پەروەردەی ئـایین پەروەردە بکەن، ئەوە لەیاد نەکەن کە خوا گێڕاونی لە نەوەی حسێن و نەوەی مـــووســـای کـــازم، لەســـەر ئەو ڕێگایە بـڕۆن باپیرانتان لە خزمەتکردنی ئایین لەسەری بوون، چونکە ئێوە بەهۆی ئایینەوە ڕێزتان لێ گیراوە، خـۆتان و مـاڵ و منداڵتـان لە ئاگـرێک سووتەمـەنییـەکەی مـرۆڤ و بەردە بپـارێزن، خـوا بۆ خـزمـەتی ئایین و چاکەی مـوسـڵـمـانان سـەرتان بخـات، کۆتا دوعـامـان سپـاس بۆ خـوای گـەورە درووود و سڵاو لەسەر محەمەد و کەسوکاری.

لە خـورمـاد (٥٤٥ک)سـاڵ دوای کـۆچی پێـغـەمـبـەر نووسرا، درووود سڵاوی بەندەی هەژار لەسەر خاوەنەکەی بێت: ئیبراهیم حسێنی.

ئەو بەڵگەنامەی ئیبراهیم حسێنی نووسیبوی کۆتایی هات، دوای ئـەو مـەلا مـحـەمـەدی سـەرگـەتی دەست بە نووسـینی زانـیـاری تر لـەسـەر قـورئانە دەسـتنووسـەکـە دەکات.

ئەم باسـە بەنرخـەم لەسـەر بەرگی ئەم قـورئانە پیـرۆزە نووسی، ئەوەی باپیــرەم نـووســیــوبەتی (في صــدور الناس)(٣٨) واتە: ســـاڵی (٥٣٢ک)، لە ســـاڵی (٥٤٥ک) کۆچی دوایی کردووە.

**الحمد لله على الاتمام**
**ثم صلاة الله مع السلام**
**على الذي اصطفاه في الأنام**
**وآله وصحبه الكرام**
**أعوذ بک من همزات الناس**
**دمت على سنة خير الناس**
**رضاک يطلب کاتب الحروف**
**منصور ابن سادق البلباس.**

واتە: لە ساڵی (٧٠٠ک) نووسراوە.

خۆشەویستم عەبدولڕەحمان سەید مەنسووری کوڕی سـەید سـادقی کـوڕ، کـوڕی سـەید سادقی باوک کـە لە کـەســانی مـتـمـانە پێکراو ئەم دێڕە شـیـعـرانەی لە (ئیبراهیمی باپیرە گەورە) بیستووە ئەوانیش:

**يا خالق الظلام ثم النور**
**أحمدک في السر والجهور**
**بقلبي مملوءة بالسرور**

**وفقني الهي بالبدور**
**لما لک فيه رضاک ربي**
**تحرير مصحف بشهرزور**
**بالعنبر ثم أبيها المكرم**
**ثم بلال نجل المنصور**
**أشكرک يا ربي يا معبود**
**للطفک العميم والموفور**

پاشان محەمەد مەنسوور دەڵێت: پێویستە ئەوە لە یاد نەکرێت کە باپیری گەورەم حاجی بیلال هەشت کوڕی بووە، ئەوانیش: (سادقی باوک، ئەبوبەکر، ئیبراهیم، حەیدەر، ئەحمەد، نەسرەددین، زەینەددین، ئیسماعیل)، سادقی باوک یەک کوڕی بووە ئەویش سادقی کوڕ، باوکم حەوت کوڕی بووە (خۆم محەمەد مەنسوور، محەمەد، یووسف، موزەفەر، قەلەندەر، ئەلیاس، حەمزە، خەسرەو). منیش محەمەد مەنسوور هەشت کوڕم هەیە (عەبدوڵڵا، سوبحان، ئەختەرەددین، شاوەیس، بابا وەیس، غەزنەفەر، مەسعوود، حەمزە).

کوڕی ئازیزم: سەید محەمەد مەنسوور لە دێڕی دووەمی شیعرەکەدا ئاماژە بە مێژووی نووسینی نووسراوەکەی دەکات دەڵێت: (منصور ابن سادق ابن البلباسي)(٣٩) بە حسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی (٧٧٠ک)، هەروەها لە کۆتایی یادداشتەکانیدا وەسیەتێکی بۆ کوڕەکانی نووسیوە دەڵێت: کوڕەکانم وەسیەتان بۆ دەکەم بە لە خواترسان و بەجێهێنانی فەرمانەکانی و بەردەوام بوون لەسەر کاری چاکە، هەروەها دوور کەوتنەوە لە هەموو شتێک ئیسلام پێی ڕازی نییە، وەک عەنازییەکان(٤٠) مەبن، ئەوانەی ماڵیان تاڵان کردین و باوک باپیریان کوشتم و باپیری ئێوە سادقی باوک و سادقی کوڕیان کوشت، تکاتان لێ دەکەم وێنەی ئەو کارە دووبارە مەکەنەوە، خوای گەورە سەرکەوتوو و پایەدارتان بکات بۆ کارێک خێری هەردوو دنیای تێدایە. بەندەی هەژار: مەنسوور حسێنی بلّباسی (٧٠٠ک).

دوای ئەمە دەڵێت: باوکم خوای لێخۆشبێت (پیر دانیال) لە بیست و چواری مانگی موحەڕەمی حەرامی ساڵی (٩٣٤ک) لەسەر دەستی عوسمانییەکان شەهیدکرا(٤١). سوارەی کوڕی پیردانیال کوڕی محەمەد غەیبی حسێنی نووسی (٩٣٤ک).

کوڕی ئازیزم عەبدولڕەحمان ئەم وردە نووسینە مێژووییانە لەسەر ئەم قورئانە نووسراوە، لە بیرەوەری باپیرانمانە هەر یەکەیان بیرەوەرییەکانی خۆی لەسەر نووسیوە، لەگەڵ نووسینی ساڵ و مێژووەکەی، بۆ ئەوەی ناویان لەناو نەوەکانیاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە، من بە دوای ناوی باپیراندا هاتم بەپێی پێویست، کوڕەکانی سەید ئیبراهیم حەوتن وەک نووسراوە، سەید بیلال یەک کوڕی بووە ئەویش سادقی کوڕ، سادقی کوڕیش هەشت کوڕی بووە، محەمەد مەنسوور ئەمیش هەشت کوڕی بووە، ئەمانە نووسراون، وەک باسم کرد بەبێ زیاد و کەم، کوڕی شیرینم (قسەی محەمەد سەرگەتی) پێش ئەوەی دەست بکەم بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کوڕەکانی (پیر سوبحان) پێویستە باسی ئەو بەڵایە بکەم دوای مردنی میر بەدر میری گوڵعەنبەر بەسەر ناوچەکەدا هات و دانیشتنی سەید بیلالی کوڕی سەید ئیبراهیم لە جێگەی دایکی و تووشبوونی بە عەشقی کچی فەلامەرزی نوسەیری و لەدەستدانی میرایەتییەکەی، وەک ئەوەی سەید مەنسوور تۆماری کردووە، منیش لێرەدا دەینووسمەوە بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ کەسانێک پەند لە مێژوو وەردەگرن.

دوای مردنی میر بەدر لە ساڵی (٥٥١ک)کچە تاقانەکەی لە شوێنی دەبێتە میری (خورماد - خورماڵ) تا ساڵی (٥٦٤ک) لەو ساڵەدا کۆچی دوایی دەکات(٤٢)، لە دوای مردنی دایکی سەید بیلالی کوڕی گەورەی دەبێتە میری میرایەتییەکە، تا ڕۆژێک سەردانی ماڵی (فەلامەرزی نوسەیری)(٤٣) دەکات، سەرۆکی هۆزی عەنازی، چاوی بە کچەکەی (ڕەوشەن) دەکەوێت، خۆشەویستی ئەو خانمە پەردەی دڵی دەدڕێت و تووشی عەشقی خۆشەویستی دەبێت، دوای گەڕانەوەی بۆ (خورماد - خورماڵ - گوڵعەنبەر) زیاتر بۆی دەسووتێ، خۆی دەگرێت تا بابەتەکە دەگاتەوە لای فەلامەرز و داوای کچەکەی دەکات، فەلامەرز بە مەرجێک ڕازی دەبێت بیلال واز لە میرایەتی گوڵعەنبەر بهێنێ بۆ فەلامەرز، بیلال ڕازی دەبێت و ئەویش کچەکەی دەداتێ.

دوای گواستنەوەی دەسەڵاتی میرایەتییەکە بۆ فەلامەرزی نوسەیری، لەدوای ئەو ڕووداوەوە ڕەوشەن دەبێتە جێگای ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لە نێوان کوڕەکانی سەید ئیبراهیم، لەو پێناوەدا عەنبەرە خاتوون بووە قوربانی ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان کوڕەکانی سەید ئیبراهیمدا.

دوای ئەوە براکانی بیلال ناوچەی شارەزووریان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە جێگای جیاواز، بیلال و کوڕەکانی لە شارەزوور مانەوە، کوڕەکانی بیلال (سادق، ئەحمەد، حەیدەر، نەسرەددین، ئیسماعیل، ئەبوبەکر، ئیبراهیم).

دوای کۆچی دوایی سەید ئیبراهیم و خەزووری فلامەرز، سەید سادق کوڕی گەورەی سەید بیلال دەسەلاتی لە خاڵۆکانی وەرگرتەوە، ئەم هەنگاوە بووە هۆی شەڕ و کێشە لە نێوانیاندا تا کار گەیشتە شەهیدبوونی سەید سادق بەدەستی خاڵەکانی، لەو کاتەدا ژنەکەی دووگیان بوو، لە مانگی حەوتەمیدا بوو، دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی کوڕێک بووە ناوی ناوە سەید سادق، ناوبانگی بە سەید سادقی کوڕ دەرکرد، دوای گەورە بوون و ژنهێنانی خوای گەورە هەشت کوڕی پێ بەخشی (مەنسوور، محەمەد، موزەفەر، یووسف، خەسرەو، حەمزە، ئەلیاس، قەلەندەر). مەنسووریش هەشت کوڕی بووە (سوبحان، حەمزە، شاوەیس، باوەیس، غەزنەفەر، ئەختەرەددین، عەبدوڵڵا)، هەروەها سوبحانیش پێنج کوڕی بووە (پیر بەکر، حەسەن، جونەید، ویساڵ، عابدین)، هەروەها پیربەکریش چوار کوڕی بووە (بابا ئەوەیس، محەمەد، ئەحمەد، بان محەمەد). بابە ئەویسیش چوار کوڕی بووە ( محەمەد غەیب، حەیدەر، محەمەد غەریب، ویساڵ).

کوڕی ئازیزم: لە بیرەوەری پێشینە چاکەکانمانەوە گێڕراوەتەوە و دەست بەدەست پێمان گەیشتووە کە بابە ئەوەیس زانایەکی خواناس و چاکەکار بووەو ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەتەوە، لە خورماڵ نیشتەجێ بووە، سوڵتان سەلیمی عوسمانی مزگەوتێکی گەورەی لە خورماڵ لە ساڵی (٨٦٥ک) بۆ دروست کردووە(٤٤)، بووەتە جێگەی ئیرشاد و دەرس وتنەوەو فێرکردن تا لە ساڵی (٩٠٥ک) کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەیان بردووەتەوە بۆ (جەوراوا) سەرگەتی ئێستا بەخاک سپێراوە.

لەدوای وەفاتی بابە ئەوەیس محەمەد غەیبی کوڕی لە جێگەی باوکی بووەتە مامۆستا و مورشیدی خوێندنگەی مزگەوتی خورماڵ، لە ڕۆژگاری ئەوەدا گوڵعەنبەر دەبێتە ڕووگەی قوتابیان و ناوەندێکی زانستی و لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ڕووی تێدەکەن، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا لە ساڵی (٩٣٠ک)(٤٥)، شەڕ لە نێوان (مەئموون بێگە بەگ)ی حاکمی شارەزوور(٤٦) و دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوو دەدات، ئەو جەنگە وێرانکەرە دە ساڵ بەردەوام دەبێت، بەهۆی ئەو جەنگەوە زانای ئایینی (محەمەد غەیب) و کوڕی گەورەی (دانیال) دەکوژرێن، مەئموون بەگی حاکمی شارەزووریش بە دیلی دەگیرێت و ڕەوانەی ئیستەنبوڵ دەکرێت، ئەو جەنگە دەبێتە هۆی وێرانبوونی شارەزوور و دانیشتوانی زیانێکی زۆریان پێ دەگات(٤٧)، محەمەد غەیب سێ کوڕی بووە، ئەوانیش: (دانیال، ئیسماعیل، مەحموود)، هەروەها (پیردانیال) پێنج کوڕی بووە، ئەوانیش: (سوارە، بایەزید، محەمەد کوردەی غەزائی، ئەلیاسی غەزائی، سلێمان غەزائی).

کوڕی ئازیزم عەبدولڕەحمان: (تا ئێستا قسەی محەمەد سەرگەتییە) هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە شارەزوور بووە هۆی ئەوەی کوڕەکانی پیردانیال ناوچەی شارەزوور چۆڵ بکەن، هەریەکەیان ڕوویان کردووەتە ناوچەیەکی دیاریکراو، بایەزید ڕوودەکاتە ناوچەی قەرەداغ(٤٨) و دەچێتە لای خاڵوانی (نەوەکانی ئیمام حەمزە لە گوندی تەکێ)، سلێمانی غەزائی و ئەلیاسی غەزائی ڕوو دەکەنە قزڵجە(٤٩)، محەمەدی غەزائی دەچێتە تەوێڵە لە هەورامان، شێخ عوسمانی سیراجەددینی باپیری شێخانی نەقشبەندی وەک دەوترێت نەوەی محەمەدی غەزائین.

هەروەها سوارەئاغا لە شارەزوور دەمێنێتەوە (ئەوکاتە ئاغا بە پیاوی گەورە وتراوە) چوار کوڕی بووە، ئەوانیش: (سلێمان، نەسرەددین، مووسا، مستەفا).

باس لەوە دەکرێت سلێمانی کوڕی سوارە ئاغا لە عوسمانییەکان یاخی بووە و چەکی دژایەتی لە بەرانبەریان بەرزکردووەتەوە و هێرشی کردووەتە سەریان و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتوون و ئەوانی تر هەڵهاتوون تا بەتەواوی لە ناوچەی شارەزوور دەریکردوون، پاشان خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ بووەتە حاکم و بە حاکمی شارەزوور ناوی دەرکردووە، لە دوای کۆچی دوایی لە ساڵی (١٠٤٦ک) کوڕە گەورەکەی (سوبحان) بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە جڵەوی حوکمڕانی دەگرێتە دەست، لە دوای کۆچی دوایی ئەویش کوڕەکەی (خەسرەو) دەبێتە ئەمیری ناوچەکە، تا کۆتایی ساڵی (١٠٦٨ک) تا ئەوکاتە لەژێر ناوونیشانی (حاکمی گوڵعەنبەر و شارەزوور) میرایەتییەکە بە دەستی بڵباسییەکانەوە

بووە(٥٠).

لەدوای ئەو مێژووەوە میراتییەکە دەڕووخێت، واتە: بەگەلەکۆمەکێی ئێرانی و عوسمانییەکان میرایەتی بڵباسی شارەزووری لە ناو دەبرێت(٥١)، لە یەک کات و لە دوو لاوە هێرشی توند دەکەنەسەر شارەزوور و زۆر بەڵا و وێرانکاری تاڵان و نەهامەتی و سووتاندن و ئاوارەیی و کوشتن تووشی ناوچەکە دەکەن و (گوڵعەنبەر – شارەزوور) لەو کارەساتەدا پشکی شێری بەرکەوتووە.

لە دوای شەهیدبوونی میر خەسرەو ساڵی (١٠٦٨ک) کوڕەکانی بڵاوەی لێ دەکەن و هەر یەکەو بۆ دەربازبوون لە ستەمی داگیرکەرانی عوسمانی و ئێرانی ڕوو دەکاتە لایەک، هەر یەکە لە (مەسعوود، حەسەن، ئیبراهیم) ڕوودەکەنە قزڵجە، هەروەها (سادق و زولفەقار) لە شارەزوور دەمێننەوە، سەید وەسیم لەگەڵ خێزانەکەیدا دەچن بۆ شارباژێڕ، سەید وەسیم هەشت کوڕی بووە، ئەوانیش: (عومەر، زبێر، واتە، ئیبراهیم، موحسین، نورەددین، کاکە شێخ، یەحیا)، سەید عومەریش حەوت کوڕی بووە، ئەوانیش: (عەلی، مامەند، شاوەیس، ئیبراهیم، عەباس، تایەر، تەڵحە) یەک کچیشی بووە (عائیشە).

ئەم کوڕانەی سەید عومەر لە ناوچەی قەڵاچوالاندا دەمێننەوە و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕێزی خەڵکی بوون، تا دەوری سلێمان پاشای کوڕی ماوەند کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە یەکەمین دامەزرێنەری میرایەتی بابان لە قەڵاچوالان، سلێمان پاشا دەست دەکات بە فراوان کردنی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی (پشدەر، شارەزوور، بیتوێن،)و دەوروبەریان، خەڵکێکی زۆر لەدەوری سلێمان پاشا کۆدەبنەوە، بەشێوەیەکی وەها دەبێتە جێگەی مەترسی بۆ عوسمانییەکان، تا کار دەگاتە ئەوەی سوڵتانی عوسمانی نامە بۆ حاکمی کەرکووک دەنووسێت (ناوی دلاوەر بووە) چاودێری سلێمان پاشای بابان بکات و بەدیلکراوی بۆ ئیستەنبوڵی بنێرێت، حاکمی کەرکووک فەرمانی سوڵتان جێبەجێ دەکات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت.

لای خۆشیەوە سلێمان پاشا لە پلاندانانادا بووە بۆ ئەوەی حاکمی کەرکووک تەمێ بکات بەشێوەیەکی وەها لەبیری نەچێتەوە و تا واز لە سەرکێشییەکانی بهێنێت، لە ساڵی (١١٠٢ک-١٦٩٠ز) سلێمان پاشای میری بابان لەگەڵ هەندێ لە پیاوە ئازاکانیدا هێرش دەکاتە سەر شاری کەرکووک، ماڵی حاکم دەکەنە ئامانج و سەرکەوتوو دەبن، دەتوانن حاکمی کەرکووک (دلاوەر) لەگەڵ ژن و دەست و پێوەندەکانی بگرن و ماڵ و سامانیان تاڵان بکەن و هەموویان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ دارەشمانە(٥٢).

دوای ئەو ڕووداوە سلێمان پاشای بابان ناتوانێت لە دارەشمانەدا دابنیشێت، بە خۆی هێزەکەیەوە ڕوودەکەنە ناوچەی شارباژێڕ بەدیاری کراوی گوندی قەڵاچوارلا (قەڵاچوالان)(٥٣)، لەوێ دەبینێ خانووی سەید عومەر ئاغای کوڕی سەید وەسیمی بڵباسی زۆر گونجاوە بیکاتە بارەگای دەسەڵاتەکەی، بەڵام کاتێک سلێمان پاشا مەبەستەکەی بە سەید عومەر ئاغا دەڵێت، عومەر ئاغا ڕازی نابێت و کێشە و دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوانیان، کار دەگاتە ئەوەی لە شەوێکدا سلێمان پاشا بە هێزەکەیەوە هێرش دەکاتە سەر ماڵی عومەر ئاغا، لە ئەنجامدا عومەر ئاغا و ژمارەیەک لە منداڵەکانی و براکانی و بەشێک لە دانیشتوانی ماڵەکە دەکوژرێن، لە کوڕەکانی سەید عومەر (عەباس و تەڵحە و تاهیر) دەکوژرێن، کوڕەکانی تری کە چوارن دەتوانن دەرباز بن، سیانیان (مامەند و شاوەیس و ئیبراهیم) ڕوودەکەنە شاری سنە، سەید عەلی بۆ گوندی قاینەجەی شارەزوور دەگەڕێتەوە، کچەکەی عائیشە یەکێک لە خەڵکی قەشان بە ناوی میرزا محەمەد دەیباتە لای خۆی، ئەوکاتە عائیشە تەمەنی شەش ساڵ بووە، دوای پێگەیشتنی بە ڕەزامەندی عەلی برا گەورەی میرزا محەمەد لە کوڕەکەی حاجی ئەحمەدی قەشانی مارەی دەکات.

قەدەری خوا وادەبێت سەید عەلی لە دوای ساڵی (١١١٢ک) دە کوڕی دەبێت، ئەوانیش: (جەلالەددین، محەمەد، وەیس، عەبدوڵڵا، خالد، عومەر، محەمەد، مەحموود، وەلید، ئیبراهیم)، سەید عەلی زۆر باسی ئەو کارەساتەیان بۆ دەگێڕێتەوە بەسەر باوک و براکانی هاتووە لەسەر دەستی سلێمان پاشای بابان و دەستوپێوەندەکانی و ئاخی زۆر بۆ ئەو ستەم لێکردنەیان هەڵدەکێشێ، ئەم گێڕانەوەی باوکیان هەستی تۆڵەکردنەوە لەناخی کوڕەکانیدا دەڕوێنێ و زۆر تینووی تۆڵەکردنەوە دەبن لە بابانەکان، تا سەید ئیبراهیم کوڕی بچووکی سەید عەلی دەبێتە قوتابی ئایینی، لە دواییدا ڕوودەکاتە قەڵاچوالان و لە خوێندنگەی بابانی جێگەی دەست دەکەوێت و لەوێ واخۆی دەناسێنێ کە خەڵکی

کۆیەیە، پاش ماوەیەک دەچێت بۆ سەردانی پووری (عائیشە) ژنی حاجی ئەحمەدی قەشانی، لەو کاتەدا عائیشە بێوەژنێکی پیری سەروو حەفتا و پێنج ساڵ بووە، ماوەیەک لەلای دەمێنێتەوە، عائیشە چیرۆکی کوژرانی باوکی و براکانی لەسەر دەستی سلێمان پاشای بابانی بۆ دەگێڕێتەوە، فەقێ ئیبراهیم بیر لە تۆڵەکردنەوە لەو بنەماڵەیە دەکاتەوە بەهەر شێوەیەک بێت، لەگەڵ پووریدا پیلان بۆ کوشتنی سلێمان پاشای بابانی گەورە دادەنێن (٥٤)، بڕیار دەدەن عائیشە بچێتە ماڵی پاشا وەک کارەکەر خزمەت بکات بەشێوەیەک نەیناسنەوە، پیلانەکە سەر دەگرێت، عائیشە لە ماڵی میر دەبێتە کارەکەر و ئیبراهیم بۆ خوێندنگەکەی دەگەڕێتەوە و چاوەڕێ دەکات عائیشە ئامادەکاری بۆ تۆڵەکردنەوە بکات، شەوێک لە شەوانی ساڵی (١١٧٨ک) عائیشە دەرگا بۆ فەقێ ئیبراهیم دەکاتەوە و ئەویش دەچێتە ژوورەوە، دەبینێ پاشا لەسەر جێگەکەی نووستوە، خەنجەرێکی لێ دەدات و لەتۆڵەی کوژرانی باپیر و مامەکانی لەلایەن سلێمان پاشای کوڕی ماوەندەوە دەیکوژێت، خەنجەرەکەی لەسەر سنگی سلێمان پاشا بەجێ دەهێڵێت و دەربازی دەبێت، دەگەڕێتەوە گوندی قاینەجەو لەوێوە دەڕوات بۆ بانە، پاشان پیاوانی کۆشک هەست دەکەن عائیشەی کارەکەر لە پشت کوژرانی پاشاوە بووە دەیکوژنەوە، لەو کاتەدا تەمەنی حەفتاو شەش ساڵ بووە(٥٥).

سەید جەلالی کوڕی سەید عەلی دەچێتە خوێندنگە ئایینییەکان و سەرقاڵی وەرگرتنی زانست دەبێت تا دەگاتە ئاستێکی باش و ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و دەبێتە مودەڕیس لە مزگەوتی گوڵعەنبەر و لەو شارە نیشتەجێ دەبێت، بە (مەلا جەلالەددینی گەورە) ناو دەردەکات، ناوبەناو سەردانی خەرپانی و سەرگەت دەکات و هاوینان دەچێتە دۆڵی بیارە و سەرقاڵی دەرس وتنەوە و پێگەیاندنی قوتابی بووە.

مەلا جەلالەددینی گەورە پێنج کوڕی بووە (مستەفا، عەبدوڵڵا، محەمەد موراد، محەمەد ئەمین، مەلا جەلالی بچووک)، مستەفا کە باوکی منە بە مستەفا گوڵعەنبەری ناسراوە و پێنج کوڕی بووە (من: محەمەد سەرگەتی، حەسەن، سەید ئەمین، ئەکرەم، عەلی) و سێ خوشکمان بووە، من و براکانم عەلی و کاک ئەمین لەسەر وەسیەتی باوکمان دوای وەرگرتنی سەرەتاکانی خوێندن سەفەرمان کرد بۆ سنە و سابلاخ و شنۆ و لاهیجان و موکریان و بانە، تا ماوەی دە ساڵ نەگەڕاینەوە، کاتێک گەڕاینەوە بینیمان ماڵ وێرانە و نە باوک و نە ماوە نە دایک و هیچ یەکێک لە خوشک و براکانمان نەبینی، نەمانزانی لە کوێن، کاتێک ئەو حاڵە ناخۆشەمان بەسەرهات حەیران بووین، دراوسێکانمان بەسەرماندا داباریین و دڵخۆشییان داینەوەو هاوکارییان کردین، پاشان چیرۆکی ماڵەوەیان بۆ گێڕاینەوە، وتیان باوک و دایکتان حەوت ساڵە کۆچی دواییان کردووە، دوو براکەتان دوای ماوەیەک لە مردنی باوک و دایکتان ون بوون، خوشکەکانتان (ڕەزیبە، فاتیمە، عەنبەر) ماوەیەکە شوویان کردووە، یەکەم شووی بە پیاوێک کردووە بەناوی بەهاددین، دووەم شووی بە مەلا نەزیری تەوێڵە کردووە، سێیەم شووی بە عەبدولڕەحیمی هانەسوورەیی کردووە.

ئازیزم عەبدولڕەحمان: سەید عەلی دوای گەڕانەوەمان بە چەند مانگێک کۆچی دوایی کرد، کاکەمین لە گوندی (زەردیان)ی شارەزوور نیشتەجێ بووە، تا ئێستا جۆگەی کاکەمین و ئاشی کاکەمین لەو گوندە ماون، هەر لەو گوندە بە وەجاغ کوێری وەفاتی کردو هەموو موڵک و ماڵەکەی بۆ خانەقای تەوێڵە وەقف کرد.

هەروەها منیش (محەمەد سەرگەتی) تا ئێستا نیشتەجێی گوڵعەنبەرم، دوای ئەمە لەسەر داوای شێخ محەمەد بەهاددینی نەقشبەندی بۆ سەرگەت گواستمەوە، هەر لەوێ لەگەڵ کچی شێخ عەبدولکەریمی سەرگەتی هاوسەرگیرم کرد، لەو هاوسەرە خوای گەورە تۆ و عەبدوڵڵا و خەدیجە و حەلیمە و مەلیحەی پێ بەخشیم، لەو گوندەدا لە خزمەتکردنی ئایین و زانستدا ڕۆژگارێکم بەسەر برد.

خۆشەویستم عەبدولڕەحمان: پێش ئەوەی کۆتایی بە یادداشتەکانم بێنم، حەزدەکەم چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە ئەویش: دابونەریتی گوندی قاینەجە وەک هەر گوندێکی تری شارەزوور لە هاویناندا کۆچ دەکەن بۆ چیاکانی دەوروبەری سورێن و مەریوان، باپیرە گەورەمان مەلا جەلالی گەورە لە زستان و هاویندا لەگەڵ کۆچەرەکاندا دەڕۆیشت، لە ساڵی (١١٨٤ک) پێش ئەوەی بڕوات هەندێ کاغەز و شتی گرانبەهای لە چاڵێکدا شاردبووەوە، دوای کۆچکردنی نەخۆشی لە شارەزووردا بڵاودەبێتەوە، چەند ساڵێک (١١٨٥-١١٨٦-١١٨٧ک) ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆیان، لە ترسی

بڵاوبوونەوەی نەخـــۆشی لەو ســـاڵانەدا، لە ســـاڵی (١١٨٨ک) کاتێک دەگەڕێتەوە ڕێگا ناباتەوە سەریان، هەمـوو ئەو شتە گرانبەها و کاغەز و بەڵگەنامە و قەباڵە و زانیاری مێژووییە بەنرخە لەناو دەچن.

لە کۆتاییدا قسەکەم دووبارە دەکەمەوە: ئەمانەی بۆم نووسیت بریتین لەوەی باپیرانمان بۆیان نووسیوین، یەک لەدوای یەک لەسەر ئەو قورئانەی باپیری گەورەمان سەید ئیبراهیم لە ساڵی (٥٢٨ک) نووسیویەتییەوە، کوڕی ئازیزم پێویستە بزانی هەرکەسێک بنەچەی لەگەڵ یەکێک لەو پیاوانەی باس کرا لە بەڵگەنامەکەدا یەکبگرێتەوە، هەمـوویان بنەچەیان دەچێتەوە سەر سەیدی شەهیدان حسێنی کوڕی عەلی سلاوی خوای لەسەر، زانینی بنەچە بۆ پەند وەرگرتنە نەک بۆ شانازی و خۆهەڵکێشان، ئەوەی کـــردەوەکـــانی بەرزی نەکـــاتەوە، بنەچە بەرزی ناکاتەوە.

مـحـەمـەدی سـەرگـەتی مـیـری سـەرگـەت لە سـاڵی (١٢٩٠ک) نووسی.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

١- ئەم نووسینەی مامۆستا مەحموود ئەحمەد محەمەد (مەلا مەحموودی گەلاڵەیی) لە گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٦) ئەیلوولی (١٩٨٥ز) بە زمـــانی عــــەرەبی بڵاوکـراوەتەوە، لەبەر گـرنگی و بایەخی بابەتەکـەی بە پێـویستـمان زانی وەریبگێـڕینە سەر زمـانی کـوردی و جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە. وەرگێڕ.

٢- مستەفا گوڵعەنبەری: خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مامۆستای خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ بووە، لە دوای ساڵی (١٢٣٣ک) کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی ١٢٣٣ک بەرانبەرە بە ساڵی ١٨١٨ز، ئەوەی باس دەکرێت مەلا جەلالی خورماڵی ساڵی ١٨١٦ز کـۆچی دوایی کـردووە، واتە باوک و کـوڕ تەنیــا دوو ساڵیان جیاوازە، هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە بە وردی مـێـژووی کـۆچی دوایی ئەو زانایانەی تۆمـار کردبێت، بۆیە هەردووکیان جێگەی گومانن. وەرگێڕ.

٣- جەلالەددینی گوڵعەنبەری: یەکێک بووە لە زانا ناسراوەکانی میرایەتی بابان، مامۆستای خوێندنگەی خورماڵ بووە، هەروەها یەکێکە لە مامۆستاکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، لە ساڵی (١٢٣١ک ١٨١٦ز) کۆچی دوایی کردووە.

٤- سەید عەلی: ئەوە بوو لە قەڵاچوالانەوە بۆ گوندی قاینەجەی شارەزوور گەڕایەوە، باوکی فەقێ ئیبراهیمی بکوژی سلێمـان پاشـای بابان، هەروەک لە هەندێ لە بەڵگەنامەکاندا باس کراوە.

٥- سەید عومەر ئاغا: ئەوە بوو سلێمان پاشای کوڕی ماوەندی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە قەڵاچوالان کوشتی، بەهۆی کێشەیەکەوە کە بەدرێژی باس کراوە.

٦- ئەمیر خەسرەو، کۆتا میری بنەماڵەی بلّباسی شارەزوورییە، لەکاتی هێرشی عوسمانی و ئێرانییەکاندا بۆ سەر ناوچەی شارەزوور ساڵی (١٠٦٨ک).

٧- پیردانیاڵ: لەسەر دەستی عوسمانییەکان لە ساڵی (٩٣٤ک) شــــەهیــــد کـــــراوە، هەروەک لە دەقی بەڵگەنامەکەدا باس کراوە.

٨- سوبحان ئاغا: ڕەنگە ناوی سەرچاوەی ئاوی سەرای سوبحان ئاغا بۆ ئەم کەسایەتییە بگەڕێتەوە.

٩ - سـادقی باوک: لەوانەیە شـارۆچکەی (سـەید سـادق)ی ئەمـڕۆ بدرێتـە پاڵ یەکـێک لەم سـادقـانە، هەرچەند مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بە پشت بەستن بەکتێبی (بحر الانساب) دەستنووسە، ناوی سەید سادق بۆ سەید سادقی کوڕی سەید مووسای بەرزنجە دەگێڕێتەوە (سـەید مـووسـا وەجـاغی کـوێر بووە و کـوڕی نەبووە، وەرگێڕ). الشیخ معروف النودهي، ص٧٢.

١٠- حاجی بیلال: یەکەم کەسە لە بنەماڵەی بلّباسی فەرمانڕەوایی (گوڵعەنبەر-خورماڵ)ی کردووە لە دوای مردنی عەنبەرە خاتوونی دایکی، بەڵام بۆ (فلامەرزی نوسەیری) سازشی کرد لە بەرانبەر ئەوەی کچەکەی خۆی (ڕەوشەن)ی کردە هاوسەری.

١١- سەید ئیبراهیم: یەکەم کەسی بنەماڵەی بلّباسییە هاتووەتە ناوچەی شـارەزوور، وەک لە بەڵگەنامـەکـەدا باسی هاتووە.

١٢- قسەی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا مستەفای گوڵعەنبەرییە بە زمانی فارسی، دەقاودەق وەرمگێڕا لەبەر ئەوە خستمە نێوان دووکەوانەوە.

١٣- زانیـاری لابەلایە و زۆر پێـوەندی بە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەوە نییە، لەبەر ئەوە لە جێگەی خاڵم دانا.

١٤- هەمـەدان: شـارێکی ناسـراوی ئێـرانە، لەسـەر

وێرانەی شاری (ئەکباتان)ی پایتەختی دەوڵەتی میدی بنیادنراوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناوەندی پارێزگایە، دانیشتوانەکەی کورد و فارس و تورکمانن، مەزاری بابا تاهیری هەمەدانی لێیە.

١٥- کتێبی (بحر الانساب) کتێبێکی دەستنووسی فارسییە، لای سەید ئیبراهیمی حەفیدە، شێخ مەحموودی شۆڕیجە دایناوە، باسی شێخانی بەرزنجە دەکات.

١٦- شارەبان: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە نێوان بەغدا و چیای حەمرینەوە لەسەر ڕێگای گشتی (بەغدا- خانەقین)، ئێستا ناوەندی قەزای میقدادییەیە، دەربارەی ناوەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن: بەهۆی ناوی شا (ئەبان) خاوەنی ڕۆزی، مانگی هەشتەمی فارسی بەو ناوەوە ناونراوە، چونکە لەو مانگەدا میوەهات زۆرە. بڕوانە: مذكرات مأمون بيگه بەگ، پەراوێزی محمد جميل الرۆژبەیانی و شكور مصطفى، ص٥٠، و اصول أسماء المدن والموقع العراقية، جمال بابان، ج١، ص٢٣٩، و معجم البلدان، ياقوت الحموي، ج٣، ص٢٧٥.

١٧- جەوراوا: دێیەکی وێرانە شوێنەواری ماوە لە نێوان گوندی سەرگەت و گۆڕستانی باباوەیس، نزیک گوندی سەرگەت.

١٨- زانیاری دووبارەیە لەناو بەڵگەنامەکەدا، زیاتر لە جارێک دووبارە بووەتەوە، لەبەر ئەوە خاڵمان لە جێگەی دانا.

١٩- ئەم قورئانە دەستنووسە بە دەستخەتی سەید ئیبراهیم نووسراوەتەوە، لە ساڵی (٥٢٨ک) هاتووەتە ناوچەی شارەزوور، ئەم دەستنووسە ئێستا لەناو دەستنووسەکانی (مكتبة المؤسسة العامة للاثار والتراث)ـە بە زنجیرەی (١٦٤٢٥) پارێزراوە، ڕستەی (في صدور الناس) مێژووی نووسینەوەی قورئانەکەیە: في= ف= ٨٠+ ی= ١٠= ٩٠. صدور: ص= ٩٠+ د=٤+ و= ٦+ ر=٢٠٠= ٣٠٠. الناس: ا=١+ ل= ٣٠+ ن= ٥٠+ ا=١+ س=٦١= ١٤٢.
٩٠+ ٢٠٠+١٤٢+٥٣٢-٢= ٥٣٠.

٢٠- خدراباد: ڕەنگە ناحیەی قزلڕابات بێت (السعدية) کە دەکەوێتە نێوان شاری شارەبان و جەلەولاوە.

٢١- بنی منصور: لە دەستنووسەکەدا بەهەڵە نووسرا بوو بەنی عەباس.

٢٢- هەروەها دەوترێت مزگەوتی گەورەی (گوڵعەنبەر- خورماڵ) سەرەتای فەتحی ئیسلامی لەو ناوچەیەدا دروست کراوە، لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دروست کراوە، (ياقوت الحموي) لە (ابو دلف)ـەوە گواستویەتییەوە کە لە ساڵی (٣٤١ک) سەردانی دزدان (خورماڵی ئێستا)ی کردووە و ئاماژە بەوە دەکات مزگەوتێکی گەورەی تێدا بووە، شێخ ئەمین نەقشبەندی زانیارییەکانی (ابو دلف) و (ياقوت الحموي) بە هەندێ زیادەوە گواستووەتەوە، بەڵام باسی مێژووی بنیادنان و دروستکەری یەکەمی ناکات، هەروەها لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٦٣٩)ی ساڵی ١٩٤١ شیعرێکی پیرەمێردی شاعیر هاتووە دەڵێت:

**دەوری ئەسحابان سێ مزگەوت کران**
**یەکێ لە نگڵ دووەم لە کرمان**
**سێیەم لە خورماڵ سەرچاوەی کوردان**
**هەرسێ ئاساری ئەولای هۆمەران.**

واتە: ئەو مزگەوتانەی لە سەردەمی هاوەڵاندا دروست کراون لە ناوچەکەدا سیانن، یەکێک لە (نگڵ) دووەم لە (کرمان) سێیەم لە (خورماڵ)، ئەم مزگەوتانە بە فەرمانی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب دروست کراون، بەڵام مامۆستا جەمال بابان دەڵێت: مزگەوتی خورماڵ لەلایەن سەلیم پاشای بابانەوە لە ساڵی (١١٦٠ک) دروست کراوە، بەڵام ئەو دێڕە شیعرانەی سەر دیواری مزگەوتەکە کە من گواستومەتەوە لە کتێبی (فهرس مخطوطات المكتبة المركزية للأوقاف في السليمانية، ج٢، ص ٣٥٦-٣٥٧) پێچەوانەی بۆچوونەکەی مامۆستا جەمال بابانە، ئەوەی من پێی گەیشتووم مزگەوتی خورماڵ لەسەردەمی فەتحی ئیسلامی لە ناوچەکەدا دروست کراوە، بۆ یەکەم جار سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە ساڵی (٨٦٥ک) نۆژەنی کردووەتەوە و چاکسازی تێدا کردووە، هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، دووبارە مووسا بەگ جارێکی دروستی کردووەتەوە و هەندێ دەستکاری تێداکردووە لە ساڵی (١١٦٢ک) بە فەرمانی سلێمان پاشای بابانی. معجم البلدان، ج٢، ص٢٧٥. و گۆڤاری کوڕی زانیاری کورد، ئەمین نەقشبەندی، ب١٠ل٤٢-٧٥. و اصول اسماء المدن والمواقع العراقيه، جمال بابان، ج١، ص١٦١. وفهرس مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في

السليمانية، ج٢، ص٣٥٦-٣٥٧. و ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٦٣٩) ساڵی ١٩٤١ل١.

٢٣- بابا ناواز:، یان (بابا ناوس) بابا: هەروەک محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی لە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد - ژمارە (١٠) ص٤١٥)دا دەڵێت: وشەی (بابا) واتە: پیر: واتە شێخی تەریقەت، دەتوانین بڵێین: (بابا ناواز) سەرۆکی ڕوحی کاکەییەکان بووە، چونکە ناوچەی هاوار و داودان و شێخان و زەڵم و دەوروبەریان، کاکەیی تێدا نیشتەجێ بووە، ڕەنگە پیرەمەگروون و پیرمەسوور و پیر شالیار و پیر مەحموود و پیری شەوکێڵ هەموویان شێخی ڕوحی کورد بووبن.

٢٤- ئەم زانیارییە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا پشت ڕاست ناکرێتەوە و ڕەنگە هەڵەیەکی گەورە بێت.

٢٥- ئەو قەڵایە تا ئێستا لەسەر لووتکەی شاخێک لە پشت گوندی سەرگەتەوە شوێنەواری ماوە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی خورماڵ.

٢٦- ئەو دوو ژوور و هەیوانە و قادرمەکانی کە ژمارەیان (٧٥) قادرمەیە ماوە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر شارستانیەتی لە بیرکراومان، دوترێت: بۆ سەردەمی میدییەکان دەگەڕێتەوە.

٢٧- (وتم، مامم: جێناوی میم) ئەو جێناوانە بۆ سەید ئیبراهیم خاوەنی بەڵگەنامەکە دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کەسی نزیکی سەید (مصطفى العريضي)ـە کە هەردووکیان سەیدن.

٢٨- خوێندنگەی ئایینی: ئەمە یەکەم ئاماژەیە لەسەر بوونی خوێندنگەی ئایینی کوردی لەو ناوچەدا، هەروەها لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەدا لە قوتابی و لە شوێنێکی وەها سەخت و چەپەکدا.

٢٩- ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە کە تا ئەو مێژووە (٥٣٠ک) ئایینی زەردەشتی لە ناوچەی هەورامانـدا ماوە.

٣٠- گۆرانی: شێوەزاری هەورامییە یەکێکە لە لقەکانی شێوەزاری گۆرانی لە زمانی کوردیدا.

٣١ - زەنزەن: گوندێکی چۆڵکراوە لە بەرانبەر گوندی (زەڵم)، پێی دەڵێن: زەڵمە کۆن، شوێنەواری تێدایە بۆ سەردەمی میدییەکان دەگەڕێتەوە.

٣٢- قرال جاه: لە دوو وشە پێکهاتووە، قەڕاڵ واتە: سەرۆک، جاه: جێگە، واتە: جێگەی سەرۆک.

٣٣- شا بەدر: ئەم شابەدرە، شابەدری کوڕی حەسەنەوەیی نییە کە لە ساڵانی (٣٨٨ک- ٩٩٨ز) حاکمی میرایەتی حەسەنەوەیی بووە، سنووری دەسەڵاتەکەی لە نێوان دینەوەر و ئەهواز و بڕۆجرد و ئەسەدئاباد و نەهاوەندا بووە، هەروەها نازناوی (ناصر الدولة)ی لەلایەن خەلیفەی عەباسییەوە پێ دراوە، هیلالی کوڕی لە ساڵی (٤٠٥ک-١٠١٤ز) دەسەڵاتی لێ وەردەگرێتەوە و خۆی دەچێتە جێگەکەی. شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، ل٤٩-٥٢. ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە بزانم میرێک بەو ناوەوە هەبووبێ و حاکمی خورماڵ و دەوروبەری بووبێ. مەلا مەحموودی بڵباسی باسی ئەوەی بۆ کردم کە ئەنگوستیلەیەکی (مۆرکردنی) کۆنی دۆزیبوەتەوە لە ناویدا نووسراوە (العبد الشاكر في كل الاحوال شاه بدر)، بەڵام ئەو ئەنگوستیلەی لەم دوایانەدا ون کردووە، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە ئەوە مۆری شاە بەدر بووبێت.

٣٤- لە پەراوێزی بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە شاه بەدر لە زستاندا لە خورماڵ دانیشتووە و لە هاوین و بەهار و بەشێک لە پاییزدا لە شیرەمیران دانیشتووە. شیرەمیران، یان شەمێران ناوچەیەکی شاخاوییە دەکەوێتە ڕۆژئاوای هەڵەبجەوە بەسەر ڕووباری سیرواندا دەڕوانێت، تا ئێستا شوێنەواری قەڵایەک هەیە لە نزیک شوێنی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری زەڵم و تانجەرۆ.

٣٥- لە کتێبی (تاریخ سلێمانی و وڵاتی، محەمەد ئەمین زەکی، ل٢٤)دا و سەرچاوەی تریشدا هاتووە، کە هەرێمی شارەزوور لە ژێر فەرمانڕەوایی (عمادالدين الزنكي)دا بووە لە ساڵانی(٥٣٤-٥٨١ک) ئەمە لەگەڵ زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکەدا دژی یەکتری نین، چونکە ناوی شارەزوور بە ناوچەیەکی فراوان وتراوە، خورماڵ بەشێک لەو ناوچەیە بووە، شاه بەدر حاکمێکی ناوچەیی و تەنیا حاکمی خورماڵ و دەوروبەری بووە.

٣٦- دەتوانرێت بوترێت شارەزوور یەکەم جار تەنیا ناوی شاری خورماڵ بووە، دوایی فراوان بووە و بە هەموو ناوچەی نێوان هەمەدان و هەولێر وتراوە شارەزوور و شاری خورماڵ ناوەندەکەی بووە، پاشان پێی وتراوە (دزدان)، ئەو وەصفەی (ابن المهلهل) کە (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص٣٧٥) گواستوویەتییەوە بەسەر خورماڵدا دەسەپێت، ئەگەر وابێت شاری (نیم ئەزرای) نیوەی ڕێگا، ئەوەی (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص٣٧٥) وەصفی کردووە،

شارەزوور شارێکی گەورەی تێدایە کە ناوەندەکەیەتی پێی دەڵێن (نیم ئەزرای) شوێنێکە ئێستا پێی دەڵێن (تەپە کوڕە) نزیک ناوەندی ناحیەی سیروان، پێشتر بە (جان جان) و (دوازدە ئیمام) ناسراوە، ئەم بۆچوونە شوێنەوارەکانی ئەو ناوچەیە پشت ڕاستی دەکەنەوە، بە هەڵکەندێکی ئاسایی خشتی سوورەوەکراوە پاشماوەی کۆشمان دەست دەکەوێت و خەڵکی ناوچەکە جەخت لەم بۆچوونە دەکەنەوە.

ئەگەر ئەو بۆچوونەمان سەلماند ئەوە شاری (شیز) (بیر) شاری شوێنەواری وێرانە، لە جێگەی گوندی (نەوێ)دا، بەڵگەی شوێنەواری تێدایە، لەوانە زیندانی زوحاک لە نزیکی ئەو گوندە، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر بوونی شارێکی کۆنی گەورە لەو ناوچەیەدا.

بەو شێوەیە قسەی (ابن المهلهل) ساڵی (٣٤١ک) ڕاستە کە دەڵێت: لە نێوان هەردوو شاری نیم ئەزرای و شیزدا شارێکی بچووک هەیە پێی دەڵێن (دزدان)، بیناکانی وەک بیناکانی شیز وایە، لەناو شارەکە دەریاچەیەک هەیە و ئاوەکەی دەڕواتە دەرەوەی شار، ئەسپ دەچێتە سەر دیواری شوورەکانی لەبەر پانی و درێژی. معجم البلدان، م٢، ص٣٧٥.

ئەمەیش پێچەوانەی بۆچوونی (ابن المهلهل و یاقوت) نییە، کە دەڵێن: شاری نیم ئەزرای نزیک چیای شەعران و زەڵمە، ئەوە بە دوور دەزانین هەندێ لە مێژوونوسان لەوانە (محەمەد ئەمین زەکی) کە دەڵێن: شاری نیم ئەزرای لە شوێنی خورماڵی ئێستا بووە. محەمەد ئەمین زەکی، تاریخی سلێمانی و ولاتی، ل٢٦-٢٩. ئەمین نەقشبەندی، شارەزوور و شارەزووریەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٨٢. و مذکرات مأمون بیگە بەگ، ص٥٧. واصول أسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، ص٢٣٢-٢٣٩.

٣٧- مێژوونووسە کۆنەکان هەرچی ناو هاتووەتە بەردەمیان تەفسیرێکیان بۆ کردووە و هەرگیز نەیانوتوە نازانین، ئەو تەفسیرانە زۆرجار نە لۆژیکی عەقڵ وەریدەگرێت، نە پێوەر و بنەما زمانەوانییەکان، زۆرجار لەوپەڕی دنیا ناوێکیان هێناوە و لەمپەڕی دنیا لەگەڵ شتێکی تر تۆزێک نزیک بووبێت لەوەوە پێکەوە گرێیان داون، مەسەلەی ناوی شارەزووریش دەیان تەفسیری نا لۆژیکی و سەدان وشەی فارسی و عەرەبییان هێناوە بۆ ئەوەی تەفسیری ناوی شارەزوور بکەن، ئەم لێکدانەوەیەی ئێرەیش یەکێکە لەو تەفسیرانە و زۆرلێکردن و خۆسەخڵەتکردنی (التكلف والتصنع)ی زۆری تێدایە و لە لێکدانەوەی زانستی دوورە. وەرگێڕ.

٣٨- صدور: ئاماژەیە بۆ مێژووی نووسینەوەی قورئانەکە بە پیتی ئەبجەد.

٣٩- پیتەکانی نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکە بە پیتی ئەبجەد ئاماژەیە بۆ مێژووی نووسینەوەکە وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا.

٤٠- عەنازییەکان: بنەماڵەیەکی کوردی بەهێز بوون، میرایەتی بەنی عەنازییان لە ساڵی (٣٨١ک) دروست کردووە، بە میرایەتی ئەبو فەتح محەمەد، ئەم میرە لە ساڵی (٤٠١ک-١٠١٠ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەم بنەماڵەیە توانیویانە حوکمی شارەزوور بکەن، میرایەتییەکەیان تا ساڵی (٤٤٦ک) سەربەخۆ بووە، دوای ئەو مێژووە بووە بە بەشێک لە دەوڵەتی سەلجووقی. بڕوانە: کورد و کوردستان، ل٤١٧-٤٢٠، هەروەها پەراوێزی شەرفنامە، ل٥٦-٥٩. تێبینییەک لێرەدا شایەنی باسە (عەناز)، بەڵام هەر یەکە لە محەمەد ئەمین زەکی لە کورد و کوردستان، ل٤١٧، و پەراوێزی شەرەفنامە، ل٥٤. بە (عەیار) نووسیویانە، بەڵام لە پەراوێزی (تاريخ السليمانية) محەمەد عەلی عەونی دەڵێت: ڕاست (عەنازە) نەک (عەیار). محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی پشتگیری دەکات و دەڵێت: عەناز باوکی ئەبو فەتحی دامەزرێنەری میرایەتی عەنازییەکانە.

٤١- چامە شیعرەکەی (ابن نباتە) کاتێک بیستوویەتی (ابو الشوک) کوردی کۆکردووەتەوە و ئامادەی شەڕی (بنی عقیل)ە، پشتگیری ئەم شیعرانە دەکات لە بەڵگەنامەکە هاتووە، دەڵێت:

**لحا الله حيا لا تزال حرابه..... هوارب من حزب تراها الى حزب**

**حمل كرد الشادجان امورها..... غلاما كغصن البانه الناعم الرطب**

**ومشتق عناز من العنز فى الوغى.... وجدك ما اشتق الحراب من الحرب.**

ڕەنگە (ابن نباتە) هاوچەرخی ئەوان بووبێت، قسەکانی بەڵگەیە لەسەر کەسانی تر، ڕاستر (بەنو عەنازە) نەک (نەک عەیار). دیوان ابن نباتە، تحقیق عبدالامیر مهدي، ج٢ل٩٠-٩١.

٤٢- لەوانەیە بەهۆی حوکمڕانی (عەنبەرەوە) ناوی

شاری خورماڵ گۆڕابێت بۆ (گوڵعەنبەر) ئەم بەڵگەنامە تەنیا سەرچاوەی باوەڕپێکراوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە مامۆستا جەمال بابان لە کتێبی (العراق الشمالي، ص٤٥٠) گواستوویەتییەوە، دەڵێت هۆی ناونانی ئەو شارە بە گوڵعەنبەر کچێک لە سەردارانی کورد ناوی گوڵعەنبەر بووە و ماوەیەک حوکمڕانی ئەو شارە بووە. بڕوانە: اصول اسماء المدن، ل ١٦٢.

٤٣- نوصەیرییەکان گرووپێکی شیعەن توندڕۆیی زۆریان لە عەقیدەدا کردووە، لە گوندی (هاوار)نیشتەجێن، لە شەرفنامەدا باسیان هاتووە، (شەرفنامە، ل٢٠٠) تا ئێستا هۆزێک هەیە لە دەڤەری هەڵەبجە بە (هاواری) ناسراون، دابونەریتیان لە خەڵکی ناوچەکە جیاوازە، ڕەنگە پاشماوەی نوصەیرییەکان بن.

٤٤- ڕاستتر ئەوەیە بوترێت نۆژەنی کردەوە، یان نوێی کردەوە، ئەو مزگەوتە لەو مێژووە کۆنترە وەک پێشتر باسمان کرد.

٤٥- لە پەراوێزی (شەرەفنامە)دا هاتووە کە مەئموون بەگ حوکمی شارەزووری کردووە و وڵاتەکەی فراوان کردووە بەشێوەیەک بووەتە جێگەی مەترسی عوسمانییەکان، لەبەر ئەوە بە هاوکاری میر حسێنی ئامێدی لە ساڵی (٩٤٥ک-١٥٢٨ز) هێرشیان کردووەتە سەری، زۆربەی سەربازەکان کورد بوون، مەئموون بەگ ناتوانێت بەرگری بکات، پەنا دەباتە بەر قەڵای زەڵم، پاش ماوەیەک بە دیلی دەیگرن و ڕەوانەی ئیستەنبوڵی دەکەن، بەڵام ئەمین زەکی لە کتێبی (مێژووی سلێمانی) دەڵێت: هۆی هێرشەکە ئەوە بووە مەئموون بەگ نەیتوانیوە خێڵەکانی ناوچەکە سەرکوت بکات و نائارامی لە ناوچەکەدا دروست بووە، لەبەر ئەوە سوڵتانی عوسمانی هێرشی کردووەتە سەری، بەڵام مەئموون بەگ لە یادداشتەکانی دەڵێت: بەهۆی تێچاندنی میر حسێنی ئامێدییەوە بووە هێرش کراوەتە سەری. بڕوانە: شەرەفنامە، ل٢٠١، مێژووی سلێمانی، ل٣٩، مذكرات مأمون بگ بیگەبەگ، ل٦٨-٦٩.

٤٦- مەئموون بەگ کوڕی بیگەبەگ کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ کوڕی حەسەن کوڕی خدر کوڕی ئەلیاس کوڕی خدر کلۆڵ کوڕی بابا ئەردەڵان. شەرەفنامە، ل١٩٩-٢٠٠.

٤٧- لە پەراوێزی (شەرەفنامە، ل٢٠١)دا هاتووە: سپای عوسمانی دوای داگیرکردنی شارەزوور و ڕەوانەکردنی مەئموون بەگ بۆ ئیستەنبوڵ، دەستی کردووە بە تاڵانکردن و وێرانکردنی خانووەکانی و ئاوارەکردنی دانیشتوانەکەی.

٤٨- قەرەداغ: دەکەوێتە زنجیرە شاخەکانی نێوان دەربەندی باسەرەو دەربەندی خانەوە.

٤٩- قزڵجە: گوندێکە سەر بە قەزای پێنجوێن، سەرەتا ناوەندی ناحیەی پێنجوێن بووە، قەڵای تێدا بووە زۆر زانای گەورە لەو گوندەدا هەڵکەوتوون، ئێستا گوندێکە لە ڕۆژئاوای پێنجوێن.

٥٠- ئەو ماوەیەی کە سلێمانی کوڕی سوارە ئاغا دەسەڵاتی شارەزووری گرتووەتە دەست لە ساڵی (١٠٤٤ک) تا کۆتایی هاتنی بە ڕووخانی میرایەتی بڵباسی ساڵی (١٠٦٨ک) گۆشەیەکی ونە لە مێژووی شارەزوور و دەوروبەری.

٥١- لە پەراوێزی شەرەفنامەدا هاتووە (سلێمانی کوڕی سوارە ئاغا) لە ساڵی (١١١١ک- ١٦٩٩ز) بۆ ئیستەنبوڵ بانگ کراوە و کراوەتە دەسەڵاتداری کەرکووک تا لە ساڵی (١١١٥ک- ١٧٠٢ز) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: شەرەفنامە، ل٥٢٨. جەمال بابان، مێژووی سلێمانی لە زۆر ڕووەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ژمارە (٨)ل ٢٣٧، بەڵام زانیاری هەیە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە. مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالاندا، تۆفیق قەفتان، ل٢٠٢١.

٥٢- ڕەنگە هەموو ئەوانەی مێژووی بابانیان نووسیوە لەسەر ئەوە کۆدەنگ بن کە میرایەتی بابان لە ساڵی (١٠٧٥ک)لە گوندی دارەشمانەوە بۆ گوندی ماوەت گوێزراوەتەوە، پاشان لە ساڵی (١٠٨٠ک) بۆ قەڵاچوالان گوێزراوەتەوە و بۆ ماوەی (١٢٠) ساڵ پایتەختی میرایەتییەکە بووە، هەندێ بۆچوونیان وایە سلێمان پاشای بابان میرایەتییەکەی لە ساڵی (١٠٨٠ک) لە دارەشمانەوە یەکسەر بۆ قەڵاچوالان گواستووەتەوە، ئەوەی شایانی باسە ڕووداوی هێرشی سلێمان پاشا بۆ سەر دلاوەر کە لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە، بەڵگەیە کە قەڵاچوالان پێش ساڵی (١١٠٢ک) پایتەختی میرایەتی بابان نەبووە، ئەمە پێچەوانەی هەموو بەڵگەنامە و ئاماژە مێژووییەکانە، هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن قەڵاچوالان لە ساڵی (١٠٨٠ک) بووەتە مەڵبەندی میرایەتی بابان. بڕوانە: مێژووی

سلێمانی و وڵاتی، ٦١. گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ژماره (٨)ل٢٢٨. مێژووی حوکمدارانی بابان له قەڵاچوالان، ل١٨-١٩.

٥٣- قـــەڵاچوالان: له ناوی قـــەڵاچوالانەوه ئەوه تێدەگەین که قەڵایەکی چوارلا بووه،

٥٤- سلێمـان پاشـای کـوڕی خـالیـد پاشـا نزیکەی چوارده ساڵ میری میرایەتی بابان بووه، یەکێک بووه له میره به دەسەڵاتەکانی ئەو میـرایەتییه. بڕوانه: الشیخ معروف النودهي، ص١٧.

٥٥- ئەم بەڵگەنامانه یەکەم سەرچاوەن هۆی کوژرانی سلێـمـان پاشـای بابانی گـەوره ڕوون دەکـەنەوه، زۆربەی مـێـژوونووسـان باسی هۆی کـوژرانی سلێـمـان پاشـای بابانیـان نەکـردووه، ئیـتـر بەهۆی نەبوونی زانیـارییـەوه بێت، یان هەر هۆیەکی تر، لەگەڵ ئەوەدا کوژرانی سلێمان پاشـا کـاریگەری زۆری هەبووه لەسـەر دڵ و دەروونی خەڵکی بەگـشـتی و زانایان و قـوتابیـان و ڕۆشنبیـران بەتایبـــەتی، ئەم مـــیـــره ڕۆڵی گـــەورەی هەبووه له پێشخستنی ڕۆشنبیری و ڕێزگرتنی زانایان و گرنگیدان به خوێندنگه و مزگەوتەکان، دەبینین ڕووداوی کوژرانەکه لەلایەن زیاتر له کەسێکەوه تۆمارکراوه، یەکێک لەوانه زانای ناسراو مەلا عەبدوڵڵای بێتوشییه که هاوچەرخی ڕووداوەکـه بووه، ئەو ڕووداوەی لەسـەرەتای کـتـێـبی (البـهـجـة المرضـيـة) تۆمـارکـردووه که به دەسـتی خۆی نووسراوه و له کتێبخانەی ئەوقافی ناوەندی سلێمانی به زنجـیـره (٢٣١٥) پارێزراوه، ڕووداوەکـەی به سێ دێڕ تۆمـارکـردووه، ئامـاژه بەوه دەکـات بکوژەکـه ناوی فـەقێ ئیبراهیم و خەڵکی کۆیه بـووه، هەروەها دەستنووسێکی تر هەیه له کتێبخانەی ناوەندی ئەوقافی سلێمانی زنجیره (٢٥٨٥) خـــاوەنەکـــەی نەزانراوه و کـــەســـێـک نووسیویەتییەوه ناوی محەمەد بووه، دەستنووسەکه هی زانای ناسـراو ئیـبـنولحـاج (١١٨٩ک) بووه، لەباسی کوژرانی سلێمان پاشادا دەڵێت: (کشتـه شد سلیـمـان پاشـا، سـالی) بەبێ ئەوەی باسی زانیـاری تر بکات، هەروەها گـەڕیده (نەیبـور) باس لەوه دەکـات کـه هۆی کـوژرانی سلێـمـان پاشا ئەوه بووه پاشا پیـاوێکی له سێـداره داوه، دوای ده ڕۆژ برای له سێداره دراوەکـه له تۆڵەی براکـەیدا پاشای کـوشتـووه، دەڵێت: پێش ئەوەی بگەمـه مـووسڵ بیـسـتم یەکـێک له قـوتابیـانی زانسـتـه ئاینییەکان به ناوی فەقێ ئیبراهیم هەستاوه و سلێمان پاشای له تۆڵەی براکـەیدا لەسەر جێگەی نووستنەکـەی کـوشـتـووه. بڕوانه: گـەشـتی نەیبـور، وەرگـێـڕانی شکور مـسـتـەفـا، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کورد، ژمـاره (١٠) سـاڵی ١٩٨٢، هەروەها له توێژینەوەیەکی مـامـۆسـتـا (عـەبدولڕەقـیب یووسف)دا کـه بڵاونەکـراوەتەوه، ئەویش له مەلا عومەری ڕەنجووری وەرگرتووه، دەڵێت: سلێـمان پاشـای بابان له سـاڵی (١١٧٨ک ١٧٦٤-١٧٦٥ز) کوژرا. ئەمه ئەوەیه له سەرچاوەکاندا دەستم کەوتووه. له کـاتی ئامـادەکـردنی ئەم توێژینەوەیەدا چەند جـارێک پێوەندیم به مەلا مەحموودی سەرگەتییەوه کرد که خاوەنی بەڵگەنامه ئەسڵییەکەیەو یەکێک له نەوەکانی بنەماڵەی بڵباسی، له جاری کۆتاییدا چوار دێڕه شیعری پێدام که دەدرێته پاڵ فەقێ ئیبراهیمی بکوژی سلێمان پاشا. دوو دێڕی یەکەم پێش ڕووداوەکه وتوویەتی:

**سلیـمـانی کـه جد اسبق او...... بجد عـمهـایم کـرد عدوان**

**أطر فرصت مـراهم راه کردید.... بجـان أو رسانم عين عدوان.**

واته: ئەو سلێـمـان پاشـایەی کـه باپیـری (سلێـمـانی کـوڕی مـاوەندی کـوڕی فـەقێ ئەحـمەدی دارەشـمـانی)یه، باپیرم و مـامـەکـانی کوشـتم، ئەگـەر هەلم بۆ هەڵکەوێت هەمان کردەوەی لەگەڵدا دەکەمەوه.

له دوو دێڕی کۆتای دوای ڕووداوەکەدا وتوویەتی:

**تراهر چند کویم شکر منت.... خداوند نیابم راه شکر**

**کـه جان قـاتل خون ریز زاده.... بدست خنجرم کردم مشت.**

واته: خـوایه چۆن سـتـایشی تۆ بکەم، هەرچەند هەوڵ بدەم سـپـاسی تۆ بکەم ناتوانم، کـه توانیم خـەنجـەر بدەم لەسەر دڵی نەوەی بکوژی باپیرم و مامەکانم.